

■ ئا: ڕێبین ڕەمزی

# گرنگترین ڕووداوە وەرزشییەکانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣



### تۆپی پێ

لـــەم وەرزەدا یاری تۆپی پێ گرنگی زۆری پێدرا چ لە رووی یارییەکانی خولی ئاسیا بێت یاخود عێراق یانیش کوردستان، لە خولی عێراق یانەی هەولێر پلەی دووەمی خولەکەی بە دەستهێنا و هەردوو یانەی ســلێمانی و کەرکـــووك دابەزین بۆ خولی پلە یەکی عێراق، لـــە پاڵەوانێتیی جامی یەکێتیی ئاســـیا یانەی هەولێر و دهۆك لە قۆناغـــی ١٦ ماڵئاواییان لە پاڵەوانێتییەکە کرد دوای ئەوەی بەرانبەر هەردوو یانەی شـــوڕتە-ی سووری و کوەیت -ی کوەیتی دۆڕان، لە خولی پلە نایابەکانی کوردســـتان یانەی زێرەڤانی توانی بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا نازناوی پاڵەوانێتییەکە بە دەستبهێنێت و یانەی هەولێر پلەی دووەم لەسەر ئاستی پێشکەوتووان و لە جامی کوردستان یانەی پێشمەرگەی سلێمانی توانی نازناوەکە بە دەستبهێنێت و یانەی ئارارات پلەی دووەم و بـــۆ یەکەم جار پاڵەوانێتیی جامی ســـوپەر ئەنجامدرا، کە تیاییدا یانەی زێرەڤانی توانی پلەی یەکەم بە دەســـتبهێنێت و لەسەر ئاســـتی لاوان لاوانی زێرەڤانی توانی پلەی یەکەم بە دەســـتبهێنێت و لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتوواندا، هەولێر توانی پلەی یەکەم بە دەســـتبهێنێت و لە خولی فۆتســـالی کوردستان کچانی زێرەڤانی توانیان پلەی یەکەم بە دەستبهێنن و ئافرەتانی هەولێر پلـــەی دووەم، هەر لەم وەرزدا هەڵبژاردەی کوردســـتان بەشـــداریی لە دوو پاڵەوانێتی نێودەوڵەتی کـــرد، هەڵبژاردەی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتی مەرسیلیای نێودەوڵەتی کرد، کە تیاییدا توانی پلەی یەکەمی پاڵەوانێتیەکە بە دەستبهێنێت و هەروەها هەڵبژاردەی دووەمی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتی نۆروی کاپ کرد و توانی پلەی سێیەم بە دەستبهێنێت.

هەر لەم ســـاڵەدا خولەکانی پلە یەك لەسەر ئاستی پێشکەوتووان و لاوان وپلە دوو و پلە سێی ئەنجامدرا.

### تۆپی دەست

لە ســـاڵی ٢٠١٣ دا یەکێتیی تۆپی دەســـتی کوردستان چوار پاڵەوانێتیـــی گرنگـــی ئەنجام دا لەســـەر ئاســـتی کوڕان و کچان،لەســـەر ئاستی کوڕان لە خولی پلە نایابەکانی کوردستان یانەی سلێمانی توانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات و هـــەردوو یانەی هەولێر و نـــەورۆز پلەی دووەمیان بە دەســـتهێنا و لە خولی پلەی یەکی کوردستان یانەی سیروانی نوێ توانی پلەی یەکەم بە دەســـتبهێنێت و یانەی هێرش پلەی دووەم.



**ئەمشەو ماڵئاوایی لە ساڵی ٢٠١٣ دەکەین و سێشەممە بەخێرهاتنی ساڵی ٢٠١٤ دەکەین بەهیوای ئەوەین ساڵی نوێی ساڵێکی پڕ لە خۆشی و کامەرانی و دەستکەوت بێت بۆ وەرزشی کوردستان لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی و ئاسیا و عێراق لە گشت یارییەکان جا چ لە یارییەکانی تاك یاخود یاریی بە کۆمەڵەکان بێت.**

**لە ساڵی ٢٠١٣ چەندین دەستکەوت و چالاکی وەرزشی ئەنجام درا، کە بە پێویست و گرنگی پاڵەوانێتییەکان گرنکترین رووداوەکانی وەرزشی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٣ دەخەینە روو.**









لەسەر ئاستی کوردســـتان لە وەرزی ئەمساڵدا رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان یانەکان هەبوو بەمەبەســـتی بە دەســـتهێنانی نازناوی خولەکە، کە تیایــدا ئافرەتانی هەولێر توانیان پلەی یەکەم بە دەستبهێنن و سەنحاریب پلەی دووەم و قەڵای تورکمان پلەی سێیەم-ی بە دەستهێنا و لە خولی پلە یەکی کوردستان ئافرەتانی کەرکوك توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت و یانەی خاك پلەی دووەم-ی بە دەســـتهێنا، لە خولی عێراق یانەکانی کوردستان توانیان کۆنترۆڵی پاڵەوانێتییەکە بکەن لەسەر ئاستی کچان، کە تیایــدا ئافرەتانی هەولێر پلەی یەکەمی خولەکی بە دەســـتهێنا و یانەی قەڵای تورکمان پلەی دووەم و یانەی ئەفرۆدێت پلەی سێیەمی خولەکەیان بە دەستهێنا.

هەر لەم ســـاڵەدا یانــەی ئافرەتانی هەولێر بەشـــداریی لە پاڵەوانێتییەکی یانەکانـــی عەرەبی کرد لە وڵاتی مەغریب، بەڵام ئەنجامەکانی وەکو پێویســـت نەبـــوون، هەروەها یانەی ئەفرۆدێت بەشداری لە پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی کرد لە وڵاتی ئیمارات، بەڵام ئەنجامەکانی وەکو پێویست نەبوو.

### تۆپی باڵە

خولەکانی کوردســـتان بۆ تۆپی باڵە لەســـەر ئاستی کوڕان و کچان بۆ نایـــاب ئەنجامدرا، کە تیایدا رکابەرییەکی بەهێز لە نێوان یانەکان هەبوو، لەســـەر ئاســـتی کوڕان بۆ پێشکەوتووان پێشـــمەرگەی ســـلێمانی توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت و هەولێر پلەی دووەم و لەســـەر ئاســـتی لاوان لاوانی هەولێر پلەی یەکەمی بە دەســـتهێنا و لەســـەر ئاستی کچان یانەی برایەتی توانیان پلەی یەکەم بۆ خۆیان مســـۆگەر بکەن دوای رکابەرییەکـــی بەهێز لەگەڵ یانەکان و یانــەی ئەکاد پلەی دووەم.

لەســـەر ئاستی عێراق یانەی هەولێر بەشداری لە پاڵەوانێتیی تازەپێگەیشـــتووان کرد و توانی پلەی دووەم بە دەستبهێنێت و لەسەر ئاستی پێشکەوتووان یانەکانی کوردستان ئەنجامێکی ئەوتۆیان بە دەست نەهێنا و لەسەر ئاستی کچان یانەی ئەکاد بووە پاڵەوانی عێراق.

### تۆپی باسکە

یەکێتیی تۆپی باسکەی کوردستان لە وەرزی ئەمساڵدا چەندین پاڵەوانێتی لەســـەر ئاستی کوڕان و کچان لە پلە نایاب و پلە یەك ئەنجامدا، لەخولی پلە نایابەکانی کوردســـتان بۆ تۆپی باسکە لەسەر ئاستی کوڕان، یانەی زاخۆ توانی پلەی یەکەم بە دەســـتبهێنێت و یانەی دهۆك پلەی دووەم و لەسەر ئاستی کچـــان یانەی ئەکاد پلەی یەکەمی بە دەســـتهێنا، هەروەها پاڵەوانێتیی پلە یەکی کوردستان ئەنجامدرا، کە تیایدا یانەی برایەتی پلەی یەکەم و دەربەندیخان پلەی دووەم و قەڵا پلەی سێیەمیان بەدەستهێنا و لەسەر ئاستی کچان یانەی گارە بووە پاڵەوانی پلە یەکی کوردســـتان و لە خولی لاوانی کوردستان لاوانی دهۆك توانیان پلەی یەکەم بە دەستبهێنن.

لە خولی عێراق، لەسەر ئاســـتی کوڕان یانەی دهۆك توانی پلەی ســـێیەم بە دەســـتبهێنێت و یانەی زاخۆ پلەی چوارەم، بەم ئەنجامە یانەی زاخۆ بەشـــداری لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبی کرد، کە لە وڵاتـــی لیبیا بەڕێوەچوو و توانی پلەی چوارەم بە دەســـتبهێنێت و لەســـەر ئاســـتی کچان، کچانی

سەنحاریب پلەی یەکەمیان بە دەستهێنا و ئەکاد پلەی دووەم.

**پایسکلسواری**

یانەکانی کوردستان توانیان کۆنترۆڵی پاڵەوانێتییەکانی عێراق بکەن لەسەر ئاستی کوڕان و کچان بۆ پایسکلسواری، کاتێك لەسەر ئاستی کوڕان بۆ تازەپێگەیشتووان و پێشکەوتووان و لاوان پلەکانی پێشەوە بۆ خۆیان مسۆگەر کردبوو، لەسەر ئاستی کوڕان بۆ پێشکەوتووان یانەی هەولێر توانی پلەی دووەم بە دەستبهێنێت و یانەی سۆلاف پلەی سێیەم و لەسەر ئاستی لاوان لاوانی برایەتی پلەی یەکەم و لاوانی هەولێر پلەی دووەم و لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان یانەی سۆلاف پلەی دووەم و ئامێدی پلەی سێیەم و یانەی هەولێر پلەی چوارەم، لەسەر ئاستی کچان یانەی نەورۆز پلەی یەکەم و یانەی دووکان پلەی دووەم و یانەی ئافرەتانی هەولێر پلەی سێیەم.

بەهۆی بە دەستهێنانی پلەی دووەم یانەی هەولێر بەشداری لە پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبی کرد، کە لە وڵاتی ئیمارات لە شاری راس ئەلخێمە بەڕێوەچوو.

لە پاڵەوانێتییەکانی کوردستان یانەی هەولێر توانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی کوڕان بۆ پێشکەوتووان و لاوان و تازەپێگەیشتووان بە دەستبهێنێت و لەسەر ئاستی کچان یانەی نەورۆز پلەی یەکەمی بە دەستهێنا و یانەی دووکان پلەی دووەم و ئافرەتانی هەولێر پلەی سێیەم.

هەروەها پاڵەوانێتیی هەڵبژاردەی پارێزگاکانی کوردستان بۆ کوڕان و کچان ئەنجامدرا، کە تیایدا لەسەر ئاستی کوڕان هەڵبژاردەی پارێزگای هەولێر پلەی یەکەم و کەرکوك پلەی دووەم و لەسەر ئاستی کچان هەڵبژاردەی پارێزگای سلێمانی پلەی یەکەم و هەڵبژاردەی پارێزگای هەولێر پلەی دووەمیان بە دەستهێنا.

**تێنسی سەرمێز**

لەم یارییەدا رکابەرییەکی یەکجار بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان هەبوو بۆ بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتیی کوردستان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان و بەهەمان شێوە لە پاڵەوانێتیی عێراق.

پاڵەوانێتیی کوردستان بۆ کوڕان یانەی برایەتی توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا و یانەی سلێمانی پلەی دووەم و پێشمەرگەی سلێمانی پلەی سێیەم و لەسەر ئاستی کچان یانەی شەقلاوە پلەی یەکەم و ئەفرۆدێت پلەی دووەم و یانەی سۆلاف پلەی سێیەم.

هەروەها پاڵەوانێتیی تازەپێگەیشتووان لەسەر ئاستی کوڕان بۆ یانەکان ئەنجامدرا، یانەی دهۆك پلەی یەکەم و یانەی پێشمەرگەی سلێمانی پلەی دووەم و یانەی زێرەڤانی پلەی سێیەمی بە دەستهێنا و لەسەر ئاستی بەچکەشێران بۆ کوڕان یانەی پێشمەرگەی سلێمانی پلەی یەکەم و یانەی دهۆك پلەی دووەم.

لە پاڵەوانێتییەکانی عێراق، یانەکانی کوردستان ئەنجامیان وەکو پێویست نەبوو، لەسەر ئاستی کوڕان یانەی سلێمانی پلەی چوارەم-ی بە دەستهێنا و یانەی برایەتی پلەی حەفتەم و لەسەر ئاستی کچان یانەی شەقلاوە پلەی دووەمی بە دەستهێنا و بەشداری پاڵەوانێتیی یانەکانی عەرەبی کرد لە وڵاتی ئوردەن لەم پاڵەوانێتییەدا پلەی حەفتەمی بە دەستهێنا.

**دەستکەوتە جۆراوجۆرەکان**

*پاڵەوانی لەشجوانیی کوردستان سەردار ئیسماعیل توانی نازناوی پاڵەوانێتیی جیهان بۆ لەش جوانی (WABA) لە وڵاتی ئەڵمانیا بە دەستبهێنێت

* هەڵبژاردەی کیك بۆکسینگی کوردستان بەشداری لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی جیهانی کرد لە وڵاتی یۆنان ئەنجامدرا و توانیان دوو ملوانکەی زێڕ و چەند ملوانکەیەکی زیو و برۆنز بە دەستبهێنن.



* ئافرەتانی هەولێر بووە پاڵەوانی کوردستان بۆ یاریی جۆدۆ لەسەر ئاستی کچان.

* پێشمەرگەی سلێمانی بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان بۆ کاراتێ و یانەی سەید سادق پلەی دووەمی بە دەستهێنا.

* لە پاڵەوانێتیی هێزی لەش لەسەر ئاستی لاوان سلێمانی پلەی یەکەمی بەدەستهێنا و لەسەر ئاستی پێشکەووتوانیش یانەی خاك پلەی یەکەمی بە دەستهێنا.

* کچانی ئەکاد توانیان نازناوی پاڵەوانێتی مەلەوانی یانەکانی کوردستان بە دەستبهێنین و یانەی سلێمانی پلەی دووەم و یانەی پێشمەرگەی هەولێر پلەی سێیەم-ی بە دەستهێنا.

* لە هەولێرفیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی شەترەنج ئەنجامدرا، ٢٢ وڵات بەشداری تیایدا کردبوو و لەسەر ئاستی کوڕان و کچان، لەسەر ئاستی کوڕان یاریزانی هۆڵەندی سێرجی پلەی یەکەم و یاریزانی ئۆکرانی تارلێف پلەی دووەم و یاریزانی هەنگاری عەتیلە پلەی سێیەمی بە دەستهێنا و لەسەر ئاستی کچانیش ساڤینا کچە یاریزانی رووسی پلەی یەکەمی بە دەستهێنا و کچە یاریزانی بولگاری ئەدریانا پلەی دووەمی بە دەستهێنا و یاریزانی رۆمانی ئەلینا پلەی سێیەمی بە دەستهێنا و لە یاریی شەترەنجی خێرا یاریزانی کوردستان حوسێن عەلی پلەی یەکەم و کاسباروڤ لە وڵاتی رووسیای سپی پلەی دووەم و یاریزانی پۆلەندی ئارتۆر پلەی سێیەمی بە دەستهێنا.

# ماڵئاوا ساڵی ٢٠١٣

## گرنگترین رووداوە وەرزشییەکانی جیهان لەماوەی یەک ساڵدا





**ساڵی ٢٠١٣ پڕ بوو لە رووداو لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا، بەڵام لە بواری وەرزشیدا بەپێچەوانە لەگەڵ بوارەکانی دیکە رووداوەکانی بۆ هەندێك لایەن و یانە و هەڵبژاردە ساڵی سەرکەوتن بوو، بۆ بەشێکی دیکەش ساڵی شکست و نەهامەت بوو، گرنگترین رووداوە وەرزشییەکانی ساڵی ٢٠١٣ لەسەر ئاستی جیهان بەم شێوەیە بوو.**

**تۆپی پێ:**

* لـــە مانگـــی حوزەیراندا لە وڵاتی بەرازیـــل یارییەکانی جامی کیشـــوەرەکان بە بەشداریی ٨ هەڵبژاردە ئەنجامدرا، ئەم پاڵەوانەتییە باشـــترین پرۆڤە بوو بـــۆ وڵاتی بەرازیل پێش ئـــەوەی میوانداری یارییەکانـــی مۆندیالـــی ٢٠١٤ بـــکات لە هاوینـــی داهاتوودا، هەڵبژاردەی بەرازیل نازناوەکەی بەدەســـتهێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە ســـێ گۆڵی بێ بەرامبەر لەهەڵبژاردەی ئیســـپانیای بردەوە .

* لـــە ٢٠١٣/١٢/٦ لە شـــاری باهیـــای بەرازیلی تیروپشـــکی مۆندیالی بەرازیلی ٢٠١٤ راکێشـــرا لـــە ئەنجامدا چەند گروپێکی بەهێزی لێکەوتەوە وەك گروپی دووەم کە ئیسپانیا و هۆڵەندا و چیلی لەخۆدەگرێت، هەروەها گروپی چوارەم کە هەڵبژاردەکانی ئۆرگوای و ئینگلتەرا و ئیتالیا کۆدەکاتەوە، یارییەکانی مۆندیالی بەرازیل لە رۆژی ٢٠١٤/٦/١٢ تا رۆژی ٢٠١٤/٧/١٣ بەردەوام دەبێت .

* لـــە ســـاڵی ٢٠١٣دا هەردوو مۆندیالـــی لاوان لە وڵاتی تورکیا و مۆندیالی تازەپێگەیشـــتوان لە وڵاتی ئیمـــارات ئەنجامدران، لە مۆندیالی لاواندا فەرەنســـا و لە مۆندیال تازەپێگەیشتواندا نایجیریا نازناوەکانیان بەدەستهێنا .


* ســـاڵی ٢٠١٣ ســـاڵێکی تایبەت بوو بۆ یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی،چونکە توانی لەم ســـاڵەدا پێنج نازنـــاو کۆبکاتەوە، خولی ئەڵمانیا و جامی ئەڵمانیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا و جامی ســـوپەری ئەوروپا و جامی مۆندیالی یانـــەکان تەنها یەك نازناوی لە دەســـتدا بەرامبەر یانەی بروســـیا دۆرتمۆند کە نازناوی جامی سوپەری ئەڵمانی بوو .

* لەســـەر ئاستی خولەکانی یانەکانی کیشـــوەرەکان، یانەی بایرەن میونیخی ئەڵمانی خولی یانەکانی ئەوروپای بەدەســـتهێنا، یانەی ئەتلەتیکۆ مینیـــرۆی بەرازیلی جامی لیبەرتادۆرســـی یانەکانی ئەمریکای باشووری بەدەست هێنا، یانەی گوانزهۆی چینی نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیای بەدەستهێنا، یانەی ئەهلی میسری نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەفریقیای بەدەست هێنا .

* لە خولە بەهێزەکانی تۆپی پێی وڵاتانی ئەوروپا، لە خولی نایابی ئینگلتەرا یانەی مانچێســـتەر یونایتد نازناوەکەی بەدەست هێنا، لە خولی لالیگای ئیســـپانیا یانەی بەرشـــلۆنە بووە پاڵەوان، لە خولی بۆندسلیگای ئەڵمانیا یانەی بایرەن میونیخ پلەی یەکەمی بەدەست هێنا، لە خولی ســـیری ئەی ئیتالیا یانـــەی یۆڤانتس نازناوەکەی بـــردەوە، لە خولی لیگا ئای فەرەنســـا یانەی پاریس ســـان جێرمان نازناوەکەی بەدەستهێنا، لە خولی هۆڵەندا یانەی ئەیاکس ئەمستردام بووە پاڵەوان .

*سەبارەت بە نازناوی یاریزانان، لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٣ دا یاریزان لیونیل میســـی خەڵاتی تۆپی زێڕینی بۆ جاری چوارەم لەسەر یەك وەك باشـــترین یاریزانی جیهان بەدەستهێنا، هەروەها میسی خەڵاتی لاپچینـــی زێڕینی وەرگرت وەك باشـــترین گۆڵکـــەر، لە مانگی ئابدا یاریزانی فەرەنســـی فرانك ریبێری خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەوروپای وەرگرت .








* ســاڵی ٢٠١٣ ساڵی گۆڕینی ڕاهێنەران بوو، سێر ئەلێکس فێرگســۆن بەیەکجاری وازی لەکاری ڕاهێنانی یانەی مانچستەر یونایتد هێنا و دیڤید مۆیس جێی گرتەوە، جۆزێ مۆرینهۆ یانەی ڕیال مەدریدی بەجێهێشــت و بووە ڕاهێنەری یانەی چێلســی، ڕاهێنەر کارلۆ ئەنشــلۆتی بووە ڕاهێنەری یانەی شــاهانە، بەهۆی نەخۆشــییەوە ڤیلانۆڤا وازی لە ڕاهێنانی یانەی بەرشلۆنە هێنا و لەشوێنی ئەو تاتا مارتینۆ بووە ڕاهێنەر، پیب گواردیۆلا بووە ڕاهێنەری یانەی بایرن میونیخ لە شوێنی ڕاهێنەر یۆب هاینکس، ڕۆدی گارسیا بووە ڕاهێنەری یانەی ڕۆما، مانویل پیلیگرینی بووە ڕاهێنەری یانەی مانچستەر سیتی.

**گۆڕەپان و مەیدان**

لە مانگی تەمموزدا لەشــاری مۆسکۆ پاڵەوانییەتی جامی جیهانی گۆڕەپان و مەیدان ئەنجامدرا و جارێکی دیکە یاریزانی جامایکا یۆســاین بۆلت وەك ئەســتێرەی یەکەم بەدیار کەوت و پلەی یەکەمی لە ڕاکردنەکانی ١٠٠ مەتر و ٢٠٠ مەتر و ٤X١٠٠ مەتری بەدەستهێنا .

**تۆپی دەست**

لە ساڵی ٢٠١٣دا هەردوو مۆندیالی پیاوان لە ئیسپانیا و مۆندیالی ئافرەتان لە سربیا ئەنجام درا، لە مۆندیالی پیاواندا هەڵبژاردەی ئیســپانیا نازناوەکەی بەدەســتهێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی لە هەڵبژاردەی دانیمارکی بردەوە، لە مۆندیالی ئافرەتانیشــدا، هەڵبژاردەی بەرازیل نازناوەکەی بەدەســتهێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی لە هەڵبژاردەی ســربیای بردەوە.

**تێنسی سەر زەوی**

لە ساڵی٢٠١٣دا یارییەکانی تێنسی سەر زەوی بەردەوام بوو، ململانێش لە لوتکەدا بوو، یاریزانی ئیســپانی ڕافاییل نادال پلەی یەکەمی ڕیزبەندی باشترین یاریزانانی جیهانی لە یاریزانی سربی نۆڤاك جۆکۆڤیچ وەرگرتەوە، لەسەر ئاستی ئافرەتانیشدا کچەیاریزانی ئەمریکی سیرینا ویلیامز پارێزگاری لەپلەی یەکەمی جیهان کرد.

ماڵئاوایی لە ســاڵی ٢٠١٣ دەکەین و پێشوازی لە ساڵی ٢٠١٤ دەکەین و بەدڵنیاییەوە ساڵێکی پڕ دەسکەوتی وەرزشی و ساڵی مۆندیال دەبێت.